## مامۆستا هێمن موکریانی



محەمەد ئەمین شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە هێمن یان هێمن موکریانی، مانگی بەهاری ساڵی ١٩٢١ لە مەهاباد(گوندی لاچین) لە دایك بووە و ڕۆژی١٦ی مارسی ١٩٨٦ی زاینی لە ورمێ کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا هێمن کوڕی سەید حەسەنی موکری و لە بنەماڵەی مەلا جامی بووە. دایکی ناوی زێنەب و کچی شێخی بورهان بووە کە بنەماڵەیەکی گەورەی موکریانن. هێمن بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی لە گوندی لاچینی سەر بە شاری مەهاباد چاوی هەڵێنا. بە بوونی هێمن شیری دایکی وشک دەبێ و بە شیری ژنێکی دیکە گۆچ دەکرێ.

هێمن لە ڕۆژگارێکدا لە دایک دەبێ کە ڕەزاشا سەرکردایەتی ئێرانی بە دەستەوەیە و بە لاسایی کردنەوەی ئاتاتورك، جلوبەرگی کوردەواری بە تەواوی قەدەغە دەکات و تا ئەو جێگایەی لە دەستی دێت ، سووکایەتی بە خەڵک دەکات و شەپکە و تەپڵەی دێنێتەنێو کۆمەڵگای کوردەوارییەوە. هێمن لەم کەش و هەوایەدا گەورە دەبێ، بێ بەشی و کۆیلەتی نەتەوەکەی وەکوو خوێن لە مێشک ودەمار و ئێسک و پێستی دا دەگەڕێ و دەبێتە سەربەندی ژیانی.

له کاتی منداڵیدا گوێچکه بۆ چیرۆکەکانی 'دایه مرۆت' دەگرێ، که پیرێژنێکی دنیا دیتو بووه و زۆر شتی بەنرخی لێ فێر بووه. ئەلفوبێی لای نەمر سەعید ناکام دەخوێنێ و پێش ئەوەی ئەلفوبێی فێر بکا، بزنۆکێ و مەڕنۆکێی حوسێنی حوزنی موکریانی بۆ دەخوێنێتەوه و هێمن له بەری دەکا و هەروەها شێعرەکانی شێخ ڕەزاو زۆر بابەتی ئەدەبی دیکەی لێ فێر دەبێ. پاشان بۆ درێژه دان به خوێندن، باوکی دەینێرێته مەهاباد و له قوتابخانەی سەعادەتی ئەو شاره دەست به خوێندن دەکا.

هێمنێکی لادێی که جگه له زمانی کوردی هیچی دیکەی نەدەزانی و لەو قوتابخانەیەشدا نەیدەتوانی به کوردی قسه بکا، منداڵان گاڵتەی پێدەکەن و پێی دەڵێن 'کرمانج'، چونکه ئەو کاته له مەهاباد به خەڵکی گوندییان دەکوت کرمانج. هێمن ئەو ساڵه خوێندنی به سەرکەوتنێکی زۆر باشەوه تێپەڕ دەکا و هاوین دەگەڕێتەوه بۆ ئاوایی و له لای مەلای گوندەکەیان و باوکی دەرس دەخوێنێ و جواننووسینی خەت فێر دەبێ. باوکی که هەست به خەت خۆشبوونی دەکا، دەستی پێ له خوێندن هەڵدەگرێ و دەڵێ :"بڕۆ دەرسی مەلایەتی بخوێنه." هێمن که هیچ کات خۆشی له مەلا نەهاتووه، تووشی ئەم تاڵییه دەبێ و چوار ساڵ له خانەقای شێخی بورهان دەخوێنێ، بەلام ئەو خوێندنه هیچ کەڵکێکی نابێ، چونکه ئەو چوار ساڵه به گاڵته دەباته سەر. له خانەقای شێخی بورهان که ٨ یا ٩کەس دەبن، جگه له هەژارو هێمن هەر هەموویان خاڵۆزا و پوورزای یەکتر دەبن. پاشان دەچێته لای مامۆستا 'فەوزی' که ڕێگای ژیانی پێ نیشان دەدا و ساڵ و نیوێک له لای ئەو دەرس دەخوێنێ.

هەژار له پێشەکی دیوانی سەیفولقوزاتدا، بەم جۆره باسی خۆی و هێمن دەکا :

"هێمن و من دوو منداڵی کرچ وکاڵی لەڕ و قرخن، به تەمەن ده دوازده ساڵان بووین، له خانەقا گەیبووینه یەك، نا خێری گیانمان دەرس بخوێنین، خویندنی چی؟ دوو گێل و حۆلی پەڕ بڵاو، له یەك دەمدا له لای دوو مامۆستا دامەزراین، یەکی ریش پان، له عەرەبی شارەزایه و خەتی نییه، ئەوی دی گەردەڵ، فارسی زانه و خەتی خۆشه. جا وەره شەق و دار بخۆ، خۆ جنێو هەر باسی ناکرێ، سوێندی کەسم له سەر نییه، ئەگەر بڵێم تڵپاتی تەڕیش فێر نەبووین، نیسکێک درۆی تێدا نییه، ماڵم هەقه له ترێ دزینی ناو ڕەزی،

له پلالر ده داران گرتن، له راوی دووپشک و ئەسپێ و کێچ و جوجه و قورِ شێلان و هێلکه له هێلانه دەرهێنان، هیچ کەس تۆزی نەدەشکاندین. بۆ نەگبەتی هێمن وه شێعرهاتبوو، هەروا گاره گارەی دەهات، جار و باره شێعرێکی نیوه و کۆڵەی خواری لاپانی دادەنا، به فیزەوه نیشانی دەدام. یانی ها بمناسه، من چیم، منی کلۆڵ نەمدەتوانی مێعریش بکەم."

بەو جۆره شێعر کوتنی هێمن له خانەقاوه سەری هەڵداوه و پێگەیشتووه. له گوندی کولیجه له لای 'سەید عەولای سەید مینه' که پیاوێکی نەخوێندەوار بەڵام زۆر زانا و تێگەیشتوو بووه، ماوەیەک دەرس دەخوێنێ، که هێمن به گەورەترین مامۆستای خۆی به حیساب دێنێ. تەمەنی هیمن دەچێته سەرێ و بۆ یەکەمین و دوایین جار له گوندی کولیجه عاشق دەبێ. عیشقێکی پاك و خاوێن و ئاسمانی، بەڵام ئەم عاشق بوونه زۆر ناخایەنێ و لێک جیا دەبنەوه و هەر لەو گونده فێری سواری و تەقڵه و ڕاوه کەو و کەروێشک دەبێ. ساڵی ١٣١٧ی کۆچی هەتاوی (١٩٣٨ز) که تەمەنی ١٧ ساڵان دەبێ، مامۆستاکەی گوندی کولیجه به جێ دێڵێ و ئەویش دەگەڕێتەوه بۆ گوندی خۆیان واته شیلاناوێ که ماڵیان چووبووه ئەوێ و مل له کار و کاسبی دەنێ و به ڕۆژ خەریکی کاری کشت و کاڵی دەبێ و شەوانه خەریکی خوێندنەوه و شێعردانان. باوکی پێی دەزانێ و دەفتەری شێعرەکانی دەسووتێنێ.

هێمنیش وەک هەزار ئەندامی کۆمەڵەی ژ.کاف بووه و له سەردەمی کۆماری کوردستاندا شێعر و وتاری بۆ رۆژنامەی کوردستان نووسیوه. هەرەسهێنانی کۆمار و به تایبەت شەهیدکرانی پێشەوا و هاورێیانی به دەستی داگیرکەران، زامێکی سارێژنەکراو دەخاته سەر رۆح و جەستەی هێمن. هۆنراوه و پەخشانەکانی دوای کۆمار ئاوێتەی ئەویناری و وەفاداری ناوبراوه به کۆمار و پێشەواکەی.

مامۆستا هێمن دووجار پەڕیوەی ئەودیوی کوردستان واته باشوور دەبێت و جاری دووهەم بۆ زیاتر له ده ساڵ دەخایەنێ. ناڵەی جودایی که به شاکارێکی شێعرەکانی دەژمێردرێ، لەو ساڵانەدا هاتۆته بەرهەم.

هێمن هەتا ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ز)، ئەندامی بەڕێوەبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووه. دوای کۆنگرەی چواری حیزب له

ڕەشەمەی ١٣٥٨هەمان ساڵی هەتاویدا (١٩٨٠ز) و پاش لێکدابڕانی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری، لە جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاویدا (١٩٨٠ز)، جیا بۆتەوە و چۆتە شیلاناوێ و دانیشتووە.

لە ساڵانی ١٣٦٥/١٣٦٤ ی هەتاوی (١٩٨٥ز)دا، لە گەڵ مامۆستا هەژار چاپەمەنی سەلاحەدینی ئەیوبیان دامەزراندووە و هێمن وەک بەرپرسی گۆڤاری "سروە" تا کۆتایی ژیانی خزمەتی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کردووە.

هێمن کە یەکێك بوو لە گەورەترین شاعێران و نووسەرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا، لە باری پاراستن و بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەب، گەورەترین خزمەتی بە نەتەوەکەی کردووە، چونکە لە تاریک وروونی بەیانی ژیانییەوە، بۆ خڕ کردنەوەی کۆماکانی ئەدەبی کوردەواری و ورد بوونەوە لە وشەکانی، بە کەو کردن و هەڵاواردنی غەوارەکانی و سوورکردنی خەرمانی زمانی کوردی، کەوتۆتە کار و تەنانەت گوڵ هەڵگرتنەوە و پاشەرۆکیشی بۆ خەڵکی دیکە نەهێشتۆتەوە.

لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا توانیویە ناڵەی جودایی بئافرێنێ، ئەگەر بە جوانی لێی ورد بینەوە، دەبینین کە ناڵە و هاوار و فغانی دڵە، ناسۆرە، خول دانەوە و نزا و هاوار و ئازاری ناخ و ماندوویەتی هزر و نائارامی رووح و بێ تاقەتی جەستەیە بەرامبەر جودایی، دووری لە خەڵک و خێزان، لە ماڵ و گوند و گەڕەك، شاخ ودەشت و دراوسێ و کەس و کار و یادگارەکانی سەردەمی منداڵی و لانەی گەورە بوون و گەلێ شتی بە نرخی دیکە کە لە یاد ناکرێن ولە دەروون دوور ناکەونەوە.

دیارە هێمن کۆچی کردوە و لە نێومان دا نەماوە، بەڵام ئاسەوار و بەرهەماکانی ماون و بە دیتنی ئەوان هیچ کاتێک لە بیر ناچێتەوە. هێمن شاعێر و زانای فەرهەنگ دۆست و تێکۆشەری رێگای بووژاندنەوەی فەرهەنگی کورد بوو. خاوەن بیر و تێفکرین بوو. هێمن دەنگی بەرزی ئازادی، ئاشتی و دیموکراسیخوازی کورد بوو. خوازیاری یەکیەتی گەلان بوو. کوردایەتی هێمن، مرۆڤایەتی بوو. شاعیری جوان پەرست، شاعیری "بابردەڵە، کە بێبەش لە ئاو وخاك و وڵاتی خۆی، پەڕیوەی هەندەران و موبتەلای دەستی ڕۆژگار، پیری هەناسە سوار، دەرکراوی بە زۆر

دابڕاوی یار و ئازیزانی، بولبولی بێبەش لە گوڵزار و چەمەن، بێ ئەنیس و هاودەم، عاشقی دڵ پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی وڵاتەکەی" بوو.

هەنگاو بە هەنگاو خەم بە دوایەوە بووە، وەکوو سێبەری خۆی رۆژێک لێی جیا نەبۆتەوە و رۆژێکیش شادی ڕووی لە دڵە خەمبارەکەی نەکرد، ئەو مرۆڤە بێ نازە لە ئاسن و پۆڵا دروست نەکراوە، بەڵکوو لە خوێن و گۆشتە، بۆیە پڕ بە دڵی خۆی دەناڵێنێ و بە ئاوازێکی بە سۆزەوە دەڵێ:

نالە نالی من درەنگە زوو نییە
پارچە گۆشتێکە، دڵی من روو نییە

لە شێعرێکی دیکەدا دەڵێ :

ئەڵێن هەیە، بەڵام نەمدیوە
شینم زۆر گێڕاوە، شادیم کەم دیوە

شاعێر، شینی یەکجار زۆر دیوە، بەڵام شادی و کامەرانی بە دەگمەنیش نەدیوە و ئازانێ شادی هەیە، زۆر کەس لە گەڵیدا راز و نیاز دەکەن، بەڵام هێمنی خەمبار هەر نەیدیوە، لە لای هەر وەکوو نامۆیەکە، وەکوو دوژمنێکە، بۆ ماوەیەکی کەمیش روو لەو ناکات. مامۆستای بەڕێزمان شێعرە تەڕ وناسکە جوانەکانی، زۆربەی زۆری بە خەم زاخاوە، خەم کاری زۆری تێکردووە، بۆیە بە هیچ جۆرێ ناتوانێ خۆی لە شەپۆلی دەریای خەم لابدات.

هێمن شاعێری گەل، شاعێری عیشق و ئازادی، دڵە گەورەکەی هەتا ئەو رۆژەی لە لێدان کەوت، بۆ گەلەکەی و ئازادی نیشتمان لێی دا.

بەرهەمە ئەدەبییەکانی مامۆستا هێمن زمان و کتێبخانەی کوردییان گەلێك دەوڵەمەند کردووە. نموونەیەك لە کارە ئەدەبییەکانی:

1. دیوانی هێمن
2. بارگەی یاران
3. تاریک و ڕوون(شیعر و پەخشان). ١٩٧٤

4. پاشەرۆک، شیعر و پەخشان.
5. توحفەی موزەففەرییە، فۆلکلۆری کوردی، کە کاری ئۆسکارمانە وهێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
6. شازادە و گەدا (وەرگێڕان).
7. قەڵای دمدم.
8. هەواری خاڵی.
9. چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز.
10. ئەفسانە کوردییەکان، کاری قەناتی کۆردۆ کە هێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.
11. ناڵەی جودایی، شیعر ١٩٧٩
12. پاشەرۆک، کۆمەڵە وتار، مەهاباد ١٩٨٣

**ڕێداکسیۆن و بەرپرسانی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان**